لە کەرکووک و سەیدسادق و دەربەندیخان هاوکاریی 641 منداڵ دەکرێت

لەماوەی سێ ڕۆژدا هاوکار مادەی بۆ ٧٥٠ منداڵی بێباوک بە سپۆنسەری دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکانی کوردستان لە سنووری کەرکووک گەرمیاندا دابین کراوە، کە ٣٢٠ منداڵیان ڕێکەوتی ١٨ی نیسانی ٢٠١٧ لەو سنوورەدا هاوکاری کران.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاری دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکانی کوردستان هەڵمەتێکی دیکەی هاوکارییەکانی لە چوارچێوەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا بۆ منداڵانی بێباوکی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەبرد ولەماوەی سێ ڕۆژدا لەسنووری کەرکووک و گەرمیان ٧٥٠ منداڵ سوودمەند بوون.

لەم قۆناغەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا ٣٥٠١ منداڵ سوودمەند دەبن و مانگانە بۆ ماوەی پێنج مانگ هاوکارییان بۆ دابین دەکرێت.

هەروەها ڕێکەوتی ١٨ی نیسانی ٢٠١٧ دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری مادەی لە چوار چێوەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا پێشکەشی ٣٢١ منداڵی بێباوک ئازیزی سنووری سەیدسادق و دەربەندیخان کرد.

لەم قۆناغەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا ٣٥٠١ منداڵ سوودمەند دەبن و مانگانە بۆ ماوەی پێنج مانگ هاوکارییان بۆ دابین دەکرێت، لە سنووری سەیدسادق ١٢٩ ئازیز و لە سنووری دەربەندیخان ١٩٢ ئازیز هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانییان پێگەیشت.

بەرپرسی لقی دوو: بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی کوردستان بۆ هیچ لایەک ناگەڕێینەوە

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: بۆ پرسی ڕیفراندۆم و وەرگرتنی ڕای خەڵکی هەرێمی کوردستان، ناگەڕێینەوە بۆ هیچ لایەک.

ئێوارەی ڕۆژی 17ی نیسانی 2017ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو بە ئامادەبوونی هەڤاڵانی کارگێڕی لق لەگەڵ کادیرانی پێشکەوتووی سەر بە لقی دوو کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی لقی دوو وێڕای باسکردنی بارودۆخی هەنووکەیی سیاسی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی، باسی پرسی ڕیفراندۆم و مافی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستانی کرد و گوتی: بۆ پرسی ڕیفراندۆم و ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بۆ هیچ لایەک ناگەڕێنەوە. لەلایەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی لقی دوو باسی ئەرکی هەڤاڵانی کادیری کرد لەنێو کۆمەڵگادا کە ئەرکە گرنگەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن و پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستانیان پێ بگەیەنن.

پەرستگەی لالش... بە بەشداریی هەزاران ئێزدی جەژنی چارشەمبا سۆر بەڕێوەچوو

هەڵمەتێکی دیکەی هاوکارییەکانی لە چوارچێوەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا بۆ منداڵانی بێباوکی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەبرد ولەماوەی سێ ڕۆژدا لەسنووری کەرکووک و گەرمیان ٧٥٠ منداڵ سوودمەند بوون.

لەم قۆناغەی پرۆژەی چاودێری ئازیزاندا ٣٥٠١ منداڵ سوودمەند دەبن و مانگانە بۆ ماوەی پێنج مانگ هاوکارییان بۆ دابین دەکرێت.

دوێنێ بە بەشداری هەزاران ئێزدی لە پەرستگەی لالش ڕێوەڕەسمی جەژنی چارشەمبا سۆری کوردانی ئێزدی بەڕێوەچوو، سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی کوردانی ئێزدی داوای ڕزگارکردنی کچ و ژنەکانی ژێر دەستی داعش دەکات و نزای کۆتاییهاتنی شەڕ و خوێنڕشتن بۆ هەموو پێکهاتەکان دەکات.

کوردانی ئێزدی لە سەرتاسەری هەموو جیهان بەمەبەستی بەشداری کردن لە ڕێوەڕەسمەکانی جەژنی چارشەمبا سۆر و سەری ساڵی نوێی گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان و چەندین ڕۆژە لە پەرستگەی لالش پەرستش ئەنجام دەدەن.

١٩ی نیسانی هەموو ساڵێک یەکەم ڕۆژی جەژنی چارشەمبا سۆرە، بەڵام کوردانی ئێزدی لە ئێوارەی ١٨ی نیسانی هەموو ساڵێک لە پەرستگەی لالش مەراسیم دەگێڕن لە دوا نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا گەنجانی ئێزدی روو لە قەدپاڵی چیاکانی چواردەوری پەرستگەی لالش دەکەن و گوڵی جۆراوجۆری وەرزی بەهارە لە سرووشت دەکەنەوە و بەشێکیان لە لەچکی سەریانی دەبەستن و بەشێکیشیان لەبەر دەرگا بچووکەکانی پەرستگەی لالش دایدەنێن.

٣٦٥ مجێوری پەرستگەکە لە ئێوارەی چارشەمبا سۆر کاتژمێر پێنج خۆبەخشانە هەڵدەستن بە هەڵکردنی ٣٦٥ چرا وەک سیمۆڵی ڕۆژەکانی ساڵ لەنێو پەرستگەی لالش و قەتپاڵی چیاکانی چوار دەوری پەرستگەکە.

لە میانی ڕێوەڕەسمەکەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی کوردانی ئێزیدی، بابەشێخ خرتۆ حەجی لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: جەژنی چارشەمبا سۆر و سەری ساڵی کوردانی ئێزدی لە کوردانی ئێزدی لە هەموو هەرێمی کوردستان و عێراق و تەواوی جیهان پیرۆز دەکەم و هیوادارم ئەم جەژنە ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ هەموو پێکهاتەکانی جیهان.

گوتیشی: لە خوا دەپاڕێمەوە کە ئەو شەڕ و کوشتارەی بەهۆی تیرۆریستانی داعش بەرپابووە بەسەر کوردانی ئێزدی و هەموو پێکهاتە ئایینییەکانی دیکە کۆتایی بێت و ژیانێکی ئاسایی بۆ ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە کە بە دەستی داعشەوە چەشتوویەتی.

سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی کوردانی ئێزدی داوای گەڕانەوەی لە کوردانە ئێزدیانە کرد کە بەهۆی داعشەوە ئاوارەی وڵاتان بوونە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوانێن تاوەکو بە زێدی خۆیان شاد ببنەوە.

بابەشێخ بانگەوازی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوپەیمانان کرد هەوڵەکانیان چڕتر بکەن بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچ و ژنانەی لەژێر زوڵم و ستەمەکانی داعشدا دەستبەسەرن بۆ ئەوەی ئاسوودەیی بگەڕێتەوە و جەژن و شادی تامی جارانی بۆ بگەڕێتەوە.

هەرچەند دوای هاتنی داعش بە فەرمی ئاهەنگەکانی چارشەمبا سۆر بەڕێوەناچن، بەڵام ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر کە نزیکەی ٣ هەزار کەس دەبوون لە کوردانی ئێزدی بەشداری ڕێوەڕەسمەکانی ئەم جەژنە بوون، زۆرینەی بەشداربووان هۆزکاری ئەو جیاوازە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە داعش لەلایەن پێشمەرگە تێکشکێنداراوە و ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێزدی ڕزگار کراوە و ئامادەژەش بەوە دەکەن جەژنی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەبێت کە هیچ کوردێکی ئێزدی لە دەست داعش نەمێنێت.

هەزاران کەس لە کوردانی ئێزدی بە گوتنەوەی دروشمەکانی هۆلا تاوسێ مەلەک هۆلا، بژی ئێزیدخان و بژی شنگال جۆش و خرۆشیان بە یەکتری دەدا و ڕێوەڕەسمەکانی ئاهەنگی چارشەمبا سۆریان گەرمتر دەکرد.

لە گەرمەی بەڕێوەچوونی ڕێوەڕەسمەکانی جەژنی چارشەمبا سۆری کوردانی ئێزدی، ٥٠ کچی تازە ڕزگاربووی ژێر دەستی داعش کە لە ماوەی هەفتەیەک بۆ ١٥ ڕۆژ لەلایەن نووسینگەی ڕزگار کردنی ڕفێندراوانی دەست داعش لە عێراق و سووریا ڕزگار کراوبوون بە نێو ئاپۆڕای خەڵک سوڕێندرانەوە و جەژنی چارشەمبا سۆریان لێ پیرۆز کردن و وشەکانی ئێوە پاکیزەن و ئێوە سەربڵندەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقن بە گوێیاندا چرپاند بەرەو کانی ئاوە سپی بەرێکران.

کانی ئاوە سپی یەکێک لەو کانیە ئاوانەی پەرستگای لالش کە دەکەوێتە ئەشکەوتێک لە پێنج کانیاو پێکدێت و کوردانی ئێزدی گرووپ گرووپ پیاوان بە جیا و ئافرەتان بە جیا لە کانیاوەکەدا دەستیان دەشۆن و سەر و دەموچاویان بە ئاوەکە تەڕ دەکەن، وەک خۆیان دەڵێن بۆ پاکبوونەوە لەو گوناهانەی لە ماوەی ڕابردوو کردوویانە.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەرستگەی لالش، لوقمان سلێمان بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو دوا و گوتی: جەژنی چارشەمبا سۆر کە جەژنی سەری ساڵی ئێزدیانە یەکێکە لە کۆنترین جەژنەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی زەوی، زۆرینەی پێکهاتەکان ئەم جەژنە لەژێر ناوی جیا جیا دەگێڕن، لە دەستپێکی مانگی نیساندا هەموو ماڵێکی ئێزدی ئەو جەژنە دەگێڕن لەسەرەتا ٥٠ تا ١٠٠ هێلکە دەکولێنن و دواتر بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگی دەکەن وەک ئاماژەیەک بۆ سەرەتای دروستبوونی زەوی و بە هەموو ڕەنگییەکانیەوە و هەروەها هێلکەکان بە ڕەنگەکانی سروشتی بەهار ڕەنگ دەکرێن خێزانە ئێزدیەکان لەم جەژنەدا دوای تەواوبوونی ڕێوەڕەسمەکان هێلکەکان دەگوازنەوە بۆ سەر گۆڕی مردووەکانیان یانش وەک چاکەیەک بە هەژارانی دەدەن.

گوتیشی: لە ئێواران کچ و کوڕان لە سروشتی بەهاردا گوڵی کولیلک دەهێنن وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە لە مانگی نیساندا کوردانی ئێزدی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نادەن، بەڵکو مانگی نیسان وەک جوانترین بووکی ساڵ وەسف دەکەن.

پارێزگەرێ دهوکێ: ئەم دوودل نابین و هەموو پێرابوون دێهێنە وەرگرتن بەرامبەر هەر کەسەکێ خەلەتیان بکەت

وهەموو پێرابون دێ هێنە وەرگرتن بەرامبەر هەر کەسەکێ خەلەتیان بکەت ودڤێت یاسا سەروەریت بو هەر کەیسەکێ.

ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهوکێ ڕونکرن دانە سەر ڕودانا کەیسا سەنایا زاروک هەر ژدەستپێکێ وهەتا لیژنا نوشداریا تایبەتمەند بریار دای کو دەستێ وێ بهێتە برین وتەکەزکر کو ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ هەموو پێرابونێن کارگێری ویاسایی ئەنجامداینە هەمبەر دویڤ چونا ڕودانێ وکەیسا سەنا یا زاروک.

پشتی ڕویدانا دەست برینا سەنا یا زاروک بەلاڤبوی، ئێڤاریا ڕۆژا 2017-4-18فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ وب ئامادەبونا د.نزار عسمەت ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەهێ کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانی ئەنجامدا.

لبەراهیێ پارێزگەرێ دهوکێ گوت: مە وەکو کارگێریا پارێزگەها دهوکێ ڕۆژا -4-17 2017سەرەدانا سەنایا زاروک کریە وژنێزیک هایداری ڕەوشا وێ بوینە ئەو ڕویدانا چێبوی بو مە تشتەکی زور نەخوشبویە ومە ب دەیک وبابێن وێ را ڕاگەهاندیە کو ئەڤ کارێ چێبوی ئەم ژکەسەکی قەبول ناکەین ومە وەکو پارێزگەها دهوکێ پێرابونێن خو یێن کارگێری ویاسایی وەرگرتینە وهەر پشتەڤانییەکا پێدڤی بکەت دێ بو سەنایا زاروک یا غەدر لێ هاتیە کرن ئەنجامدەین.

هەروەسا گوت: ئەڤە دوو ڕۆژە مە کار لسەر ڤێ کەیسێ ل ئاکرێ ودهوکێ کریە و دویڤ چون دهێتە کرن ومە فشارەکا مەزن ئێخستیە سەر سازیێن پەیوەندیدار و دوو کەس هاتینە گرتن وهندەکێن دیژی هاتینە بن چاڤکرن وئەم دێ هەموو پێرابونێن کارگێری ویاسایی بەرامبەر وان کەسا وەرگرین یێن خەمساری دڤێ کەیسێ دا کری هەروەسا تەکەزکر کو ژئەڤرو وێڤە ئەم دوو دل نابین وەکو پارێزگەها دهوکێ پێرابونێن خو یێن کارگێری ویاسایی وەرگرتینە وهەر پشتەڤانییەکا پێدڤی بکەت دێ بو سەنایا زاروک یا غەدر لێ هاتیە کرن ئەنجامدەین.

هاوسەرگیریی دووەم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەردەوامە

غەبات- سەبریە یوسف: بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی ئافرەتان دەڵێت ئاماری ورد بە ئێمە نادرێت. عەمید لەمیعە محەمەد، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرتان لەگەرمیان،بەخەباتی ڕاگەیاند بەهۆکاری ئەوەی لە ساڵی 2011 وە هێنانی ژنی دووەم لە هەرێمی کوردستاندا بەربەست و ڕازی بوونی ژنی دووەمی دەوێ و ئەو پرسە بە یاسای ژمارە 8ی پەرلەمانی کوردستان بەر 6ساڵ دەنگی لەسەردراوە ،لەهیچ دادگایەکی سنوری گەرمیان پرۆسەی مارە بڕینی ژنی دووەم ئەنجام نەدراوە. وتیشی: بەپێی لێدانی ژووری پارێزەرانی دوزخورماتوو و خانەقین، یاخود ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەردەوامی هەیە، بەڵام هێشتا ئاماری وردمان لەوناوچانەوە کە بەناوچەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناسراوان ئاماری وردمان پێ نادرێت.

بەپێی بەدواداچوونی خەبات مانگانە زیاتر لە 10 پرۆژەی هاوسەرگیری لە دادگای بەرایی شارۆچکەی دوزخورماتوو ئەنجام دەدرێت.

زانکۆی سەلاحەدین بە هاوکاریی زانکۆی کاتۆلینکی هەنگاری یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ گەلانی ژێردەستی جینۆ سایید دەستپێدەکات

بە ئامادەیوونی د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و د. محەمەد ئیحسان سەرۆکی زانکۆی ئەربیلی نێو دەوڵەتی و پارێزگاری هەڵەبجەو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، یەکەمین کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ گەلانی ژێر دەستی جینۆساید لە شاری بۆدابیست لە وڵاتی هەنگاریا دەستی پێکرد.

هەروەها ئەو کۆنفرانسە کە بە هاوبەشی هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی کاتالۆکی هەنگاری ئەنجام دەدرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت چەندین توێژینەوەی تێدا پێشکەش دەکرێت لە بارەی جینۆ سایدی گەلان ، بە تایبەت ئەو کارەساتانەی پەیوەستن بە گەلی کورد.

لەو کۆنفرانسەدا جگە لە زانکۆکانی سەلاحەدین و هەنگاریا چەندین زانکۆی دیکەی ئەڵمانی و پۆڵەندی و بولگاری و ئەرمینی و چەندین زانکۆی تر بەشداربیان تێدا کردووە.

لەو کۆنفرانسەدا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین داوای کردووە کە کۆنفرانسی داهاتوو لە کوردستان ئەنجام بدرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی جیهانی خەڵات کرا

د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف بەوەکالەت و بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر پێشوازی لە شێخ دلێر نەقشبەندی سەرۆک و عومەر زۆرباش بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و هەڵسەنگاندن لە ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی جیهانی کرد. وەک هاندانێک و ڕێزگرتنێک لە شەونخوونی و هیلاکییەکانی لە پێناو خزمەتکردنی ئایین و جێبەجێکردنی ئیدارەیەکی سەرکەوتووی ئایینی، ڕۆژی 4\18 2017ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی جیهانی خەڵاتی ئاشتی جیهانی شایستە و نەخشەی کوردستانی گەورەی پێشکەش بە د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف کرد و بە پەیڤێکدا بەڕێوەبەری گشتی بە شایستە زانی لە پێناو ئەو خزمەتە نەبڕاوەی، کە ڕۆژانە لە وەزارەتی ئەوقاف بەبێ جیاوازی پێشکەش بە سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی لە کوردستان دەژین دەکات و بەردەوامی هەیە.